Sorani

***Communication with Communities Vaccination Task Force FAQ***

ئایاری ٢٠٢١

**١) ئایا سودەکانی کوتان چییە؟**

ڤاکسینەکان دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ دەمانپارێزن، چونکە پارێزبەندی و تەنی جەستەیی دروست دەکات دژ بە پەتای سارس کۆڤیە-٢، کە درەئەنجامی دروستبوونی ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ یە، ئەو تەنی جەستەییە ( بەرگری لەشە ) یارمەتی کۆئەندامەکانمان دەدات بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی پەتاکە، ئەگەر ئەوە بکەن ( کوتان ) ئەوا بە مانایەکی تر ئەوە دەگەیەنێت کە پارێزگاری کەسانی دەوروبەریشتان دەکەن، ئەگەر کوتانەکاتان کردبێت، بە ڕێژەیەکی زۆر کەم مەترسی ئەوە هەیە کە ئەگەر پەتاکەش بگرن زۆر ئەستەمە کە بیگوازنەوە بۆ کەسانی تر، ئەوەش لە خۆیدا گرنگیەکی زۆری هەیە بۆ ئەو کەسانەی کە مەترسی زۆر هەیە کە توشی کۆتۆنا کۆڤید-١٩ ببن، هەروەك بەشی خزمەتگوزاری تەندروستی، ئەو کەسانەی کە تەمەنیان گەورەیە و ئەو کەسانەش کە نەخۆشی درێژخایەنیان و مەترسیداریان لەگەڵدایە.[1]

بە پێی ئەو سەرچاوانەی کە ئەمڕۆ دەیزانین، پارێزبەندی دژ بە کۆرۆنا کۆڤید-١٩ بۆ ماوەی ٦ هەتا ٨ مانگ بەردەوامی هەیە دوای کوتانەکە، ئەگەرچی کوتانەکەشتان کردبێت، چانسێکی کەم هەیە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ بگرن، چونکە هیچ ڤاکسینێك لە سەدا سەد ٪١٠٠ ناتپارێزێت، هەربۆیە کە زۆر گرنگە بەردەوام هەموو ڕێکار و پابەندییە تەندروستییە گشتییەکان پەیرەو بکەن. هەروەك هێشتنەوەی نێوان لەکاتی پەیوەنییە کۆمەڵایەتیەکاندا، دەمامک بەستن، شوشتنی دەستەکانمان، کاتێك ڕێژەیەکی زۆری کۆمەڵگە کوتان بکات ( نزیکەی لە ٪٦٥ هەتا ٪٧٠ ) پارێزبەندی دژی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ لە کۆمەڵگەدا بڵاودەبێتەوە.[2]

**٢) کێ دەبێت / یان نابێت کە کوتانەکە بکات؟**

لە ئێستادا، ئامانجی هەڵمەتی کەمپینی نیشتیمانی یۆنانی بۆ کوتان دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ ئەوەیە کە هەممو ئەو کەسانەی کە تەمەنیان لە سەروی ١٨ساڵەوەیە کوتان بکەن، خزمەتگوزارانی تەندروستی دەتوانن باشتر ڕێنمایی هاووڵاتیان بکەن تایبەت بەوەی کە ئایا پێویستە کە کوتان بکەن یان نا دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩، ئەو کەسانەی کە ساڵانێکە خوێن مەییوی یان هەستەوەری ( حەساسیەت ) یان هەیە پێوسیتە کە سەرەتا ڕاوێژ بە پزیشك بکەن، هیچ بەڵگەیەك نییە کە ئەوە ئاشکرا بکات کەوا ڤاکسینی دژ بە کۆرۆنا کۆڤید-١٩ کاریگەرییەکی نەرێنی هەیە لەسەر ئەگەری دووگیانبوون، وە هیچ پێویست ناکات کە لە دوای کوتانەکە دوورەپەرێزی لە دووگیانبوون بکرێت، لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستدا هەیە، ئەو کەسانەی کە کاردانەوەی توندی هەستەوەری ( حەساسیەت ) یان هەیە بەرامبەر بە هەر پێکهاتەیەکی ڤاکسینی کۆرۆنا کۆڤید-١٩، پێویستە کە ئەو کەسانە کوتان دژ بە پایرۆسی کۆرۆنا نەکەن بە مەبەستی ڕوونەدانی کاردانەوەی کتوپڕی نەخوازراو، لە حاڵەتێکدا ئەگەر هەستەوەری ( حەساسیەت ) تان بە هەر جۆرە دەرمانێک هەیە، پێویستە کە پزیشکەکان ئاگاداربکەیتەوە پێش ئەوەی کە کوتانەکە بکەیت. ئەگەر ئێستا تووشبووی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ یت، یان ئەگەر نیشانەکانی نەخۆشیەکەت تێدایە، ئەوا دەتوانیت کە پاش تێپەڕینی نیشانەکان ( چاکبوونەوە ) کوتان بکەیت.

**پێویستە کە کوتانەکە بکەم، ئەگەر چی کە تووشبووی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ بم؟**

ئەگەر چی کە نەخۆشی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ شت تێپەڕاندبێت ( چاکبووبیتەوە ) پێویستە کە کوتان بکەن کە لە کاتێکدا بۆت پێشنیار دەکرێت، پارێزبەندی کە دروست دەبێت پاش تووشبوونی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر جیاوازی هەیە، وە ڕوون نیە کە پارێزبەنییەکە بۆ ماوەی چەند بەردەوامی هەیە پاش تووشبوونە سروشتیەکە.[3]

**٣) ئەگەر بمەوێت، چۆن دەتوانم کوتان بکەم؟**

نەخشەی نیشتیمانی کوتان بە گرنگی دەزانێت هەموو کەسێك کە تەمەنی لەسەروی ١٨ ساڵەوەیە کوتان بکات، ڤاکسینەکان بۆ هەمووان بە خۆڕاییە، دەوڵەت ڕایگەیاندووە کە نەخشەیەکی تایبەتی کوتان دانراوە بۆ ئەو کەسانەی کە لە کەمپەکانی پێشوازی و ناسینەوەدا ( کیت ) دەمێننەوە لە دوورگەکان و ناوچەی ئێڤرۆس و هەروەها لە ئۆردوگا کراوەکانی ناو شارەکاندا.

لەلایەن ڕێکخراوەی تەندروستی گشتی نیشتیمانی ( ئێۆدی ) یان بەڕێوبەرایەتی کەمپەکەوە ئاگادار دەکرێنەوە سەبارەت بەوەی کە کەی دەتوانن کوتان دژ بە ڤایرۆسی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ بکەن.

---

[1] ١سوودمەندنی کوتان چییە، https://www.who.int/news-room/q-a-detail/coronavirus-disease-(covid-19)-vaccines

[2] ٢سەیربکە. https://emvolio.gov.gr/syxnes-erotiseis

[3] لە کوێ دەتوانم ڤاکسینەکە بکەم ئەگەر تووشی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ ببم؟ https://www.who.int/news-room/q-a-detali/coronavirus-disease-(covid-19)-vaccines

**٥) ڤاكسینەكان دژ بە كۆرۆنا كۆڤید-١٩، پارێزراون؟**

ڤاكسینەكانی دژ بە ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید-١٩ پارێزراون و یارمەتیتان دەدات كە دوورەپەرێزیتان هەبێت لە مەترسی توشبوونی سەختی كۆرۆنا كۆڤید-١٩، كە نەخۆش كەوتن و مردن دەگرێتەوە، بڕگە و پابەندی توند دابینكراوە بە مەبەستی دڵنیابوون لە سەلامەتی هەموو ڤاكسینەكان كە بەكاردەهێندرێن دژ بە ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید-١٩، پابەندییەكانی سەلامەتی ڤاكسینەكانی دژ بە ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید-١٩ هەمان ئەو پابەندییانەیە كە بۆ هەموو ڤاكسینەكانی تركە دژ بە پەتاكانی تر بەكار دەهێنرێن لە یەكێتی ئەوروپا دا،٤ كاروباری لێپێچینەوەی سەلامەتی و بە ئەنجامی ڤاكسینەكان دژ بە كۆڤید-١٩ پشتگوێ نەخرا لە كاتی بە خێرایی دابەشكردنیدا،٥ پێش ئەوەی كە لەلایەن لیژنەی پزیشكی نێودەوڵەتییەوە پەسەند بكرێت،بۆ ئەوانەی وڵاتانی یەكێتی ئەوروپا ( یە ئە ) و وڵاتەكانی تریش، هەر جۆرە ڤاكسینێك كە بۆتان بەكاردەهێنرێت خراوەتە ژێر توێژینەوە و لێكۆڵینەوەی چڕ و توندی پزیشكییەوە بۆ ئەوەی كە دڵنیابوون هەبێت كەوا **سەلامەت و بە سوود و بە ئەنجامە، هەروەها گونجاوە بۆ كوتانی هەمووان.**

هەتا ئێستا، زیاتر لە سێ ملیۆن كەس لە یۆنان كوتانی دژ بە كۆرۆنا كۆڤید-١٩ كردووە، وە لەسەر ئاستی جیهان یەك ملیار كەس ژەمی یەكەمی كوتانی كردووە،٦ وە ئاژانسەكان سەبارەت بە كاردانەوە لاوەكییەكان، هەروەك كاردانەوەی هەستەوەری ( حەساسیەت ) یان كڵۆكڵۆ بوون یان مەیینی خوێن، زۆر دەگمەنن٧، هەموومان مەترسی تووشبوونی ڤایرۆسی كۆرۆنا مان هەیە، ئەو مەترسییە گەورەترە لەو مەترسییەی كە كاردانەوەیەكی دەگمەنی لاوەكی دروست ببێت، هەرچۆن كە بۆ هەموو ڤاكسینەكانی تریش ڕوودەدات، بەكارهێنانی ڤاكسینی كۆرۆنا كۆڤید-١٩ بەردەوام لەژێر چاودێریكردنی چڕدایە، بە مەبەستی ئەوەی كە بە سەلامەتی بمێنێتەوە بۆ هەموو ئەو كەسانەی كە وەریدەگرن.

**٦) ڤاكسینەكانی دژ بە كۆرۆنا كۆڤید-١٩، ئاكامی لاوەكیان دەبێت؟**

هەروەك هەموو ڤاكسینێك، هەرواش ڤاكسینەكانی دژ بە كۆرۆنا كۆڤید-١٩ پێدەچێت كە ئاكامی لاوەكیان هەبێت، بەڵام زۆربەی ئاكامەكان سادە یان مامناوەندین و لە چەند ڕۆژێكی كەمدا تێدەپەڕن،٨ كەسانێك هیچ جۆرە كاردانەوەیەكیان نییە، كەسانی تر كاردانەوەی چوون یەكیان هەیە وەك: ئاوسان، سووربوونەوە و ئازار لە دەوروبەری شوێنی دەرزیەكەدا، تا، سەرئێشە، ماندوویی، ئازاری ماسولكەكان، ساردوسڕی و ڕشانەوە،٩ ستافی تەندروستی داواتان لێ دەكەن كە بۆ ماوەی ١٥هەتا ٣٠ خوولەك چاوەڕوانی بكەن، بە مەبەستی ئەوەی كاردانەوەكانتان هەڵبسەنگێنن.

كاردانەوەی نیشانەكان دوای كوتانەكە مانای وایە كەوا ڤاكسینەكە پارێزگاری ( پارێزبەندی ) لە كۆئەندامەكانتاندا دروست دەكات و كاردەكات، ئەگەر نیشانەكان زیادی كرد یان نیگەرانیتان هەبوو، ڕێنماییت دەكەین كە ڕاوێژ بە پزیشك یان بە خزمەتگوزارانی تەندروستی بكەیت،١٠ بە مەبەستی ئەوەی هەڵسەنگاندنی حاڵەتەكەتان بكەن، ئاكامی ڤاكسینەكان بەردەوام توێژینەوەیان لەسەر دەكرێت لەلایەن پسپۆرانی پزیشكییەوە لەسەر ئاستی جیهانی بە مەبەستی دەستنیشانكردنی دووبارەبوونەوەی كاردانەوەكان یان نیشانە نوێكانی تر، زۆر گرنگە كە ئاماژەی بۆ بكرێت ڕێژەی زۆر كەمی مەترسی كاردانەوەكان بەرامبەر بە سوودمەندیەكانی پارێزبەندی لە ڤایرۆسی كۆرۆنا كۆڤید-١٩، ١١.

**درێژخایەنی كاردانەوەكان**

ئاكامە لاوەكییەكان عادەتەن لەناو چەند ڕۆژی یەكەمی كوتانی ڤاكسینەكە دژ بە كۆرۆنا كۆڤید-١٩ دا دەردەكەون، كاردانەوەی جیدی كە نەخۆشی درێژخایەن دروست بكات زۆر دەگمەنە، هەموو ڤاكسینەكان، هەروەها بۆ هەر یەك لە ڤاكسینەكانی دژ بە كۆرۆنا كۆڤید-١٩ بۆ ماوەیەكی درێژخایەن پشكنینی چڕی پزیشكی لەسەر كاردانەوەكانی دەكرێت، پێش ئەوەی كە ڤاكسینەكە بە شێوەیەكی گشتی دابەش بكرێت، پێشتر پشكنینێكی چڕی زیاتری لەسەر دەكرێت و پەسەند دەكرێت.١٢

**دەبێت كام ڤاكسینە بكەم؟**

دەبێت ئەو ڤاكسینە بكەیت كە بۆت دیاریدەكرێت، هەموو ڤاكسینێك كە دەدرێت تەواوی پەیڕەویەكانی سەلامەتی و بە ئەنجامی تێدایە.

**٧) دەتوانین لە پاش كوتانەكە  پابەند و پەیڕەوە خۆپارێزییەكان جێبەجێ نەكەین؟**

پاراستنی تەواو لە پەتای كۆرۆنا كۆڤید- ١٩ لە ڕێگەی ڤاكسینەكەوە دروست دەبێت، نزیكەی ٢١ ڕۆژ پاش ئەوەی كە ژەمی دووەمی ڤاكسینەكە دەكەیت، ( زۆربەی ڤاكسینەكان دوو ژەمن ) یان ڤاكسینی یەك ژەمی ( تەنها بە ڤاكسینی johnson & johnson)، پێش تێپەربوونی ئەو ماوەیەی كە پێویستە، بۆی هەیە كە پەتاكە بگریت، كەواتە زۆر گرنگە كە پابەندییەكان پەیڕەو بكەن، پەڕەوكردنی هێشتنەوەی نێوانمان لە پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكاندا، ئەوە چ لەو ماوەدا كە هەردوو ژەمەكە دەكەین، وە چ لە پاش كوتانەكە.

وە لە پاش ٢١ ڕۆژەكە، ڤاكسینی كۆرۆنا كۆڤید-١٩ دەبێت بتان پارێزێت لە نەخۆش كەوتن بە پەتاكە بەڵام ڕێگەتان لێ ناگرێت كە كەسانی تر تووش بكەن، پێ دەچێت كە ماوەیەكی دیاریكراو داوابكرێت بە مەبەستی ئەوەی كە هەمووان كوتانەكە بكەن، كەواتە زۆر گرنگە پەیڕەوكردنی پابەندییە سەرەتاییەكانی خۆپاراستن دژ بە كۆرۆنا كۆڤید-١٩( دەمامك، پاككژی، نێوان ). لە ماوەكانی وەرزی

Sorani

*Communication with Communities Vaccination Task Force FAQ*

ئایاری ٢٠٢١

زستاندا کە زۆربەی کەسەکان مەبەستیانە کە زۆربەی کاتەکانیان لە ژورەوە بمێننەوە، زۆر گرنگە کە هەواگۆڕی رەوتی هەبێت، بۆ نمونە زۆر جار کردنەوەی پەنجەرەکان.

**٨) چۆن دەتوانم کە یارمەتی / و زانیاری زیاتر وەربگرم؟**

زانیاری سەبارەت بە نەخۆشی کۆرۆنا کۆڤید-١٩ و کوتان لە سەرچاوەی جۆراوجۆردا بەردەست خراوە، زۆربەی سەرچاوەکان لە خوارەوە ئاماژەی بۆ کراوە.١٣

- ڕێکخراوەی تەندروستی گشتی نیشتیمانی https://eody.gov.gr/en/covid-19/ ماڵپەرەکە بەردەستخراوە بە زمانی یۆنانی و ئینگلیزی.
- هەڵمەتی نیشتیمانی کوتان https://emvolio.gov.gr/
- ماڵپەری خزمەتگوزاری یارمەتی دانی کۆمیسۆنی باڵای نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ پەنابەران: https://help.unhcr.org/greece/
- Refugee.info:https://www.refugee.info/greece ماڵپەرەکە بەردەستخراوە بە زمانەکانی: ئینگلیزی، فەرەنسی،عەرەبی، فارسی، ئوردوو.

➢ هێڵەکانی یارمەتی دان:

- ڕێکخراوەی تەندروستی گشتی نیشتیمانی ( ئیۆدی ) : ٠٠٣٠٢١٠٥٢١٢٠٠٠ یان ١١٣٥ بەردەستخراوە بە زمانی یۆنانی وە بە زمانی ئینگلیزی لە بەرواری ٧/٢٤.
- Refygee.info Facebook Messenger https://www.refygee.info/greece بەردەستخراوە بە زمانەکانی: ئینگلیزی، فەرەنسی، عەرەبی، فارسی، ئوردوو.
- ڕێکخراوی خاچی سوری یۆنانی ( خ س ی ) سەنتەری زۆرهێزی ( MFC ): ٠٠٣٠٢١٠٥١٤٠٤٤٠ ژمارەی نۆرماڵ، یان مۆبایل ٠٠٣٠٦٩٣٤٧٢٤٨٩٣ ( واچاپ / ڤایبەر ) ڕۆژانی دووشەممە بۆ هەینی لە ٩ی بەیانی بۆ ٨ی شەو | بەردەستخراوە بە یۆنانی، ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی/ داری، پاشتو، ڕووسی، فەرەنسی، شواخیلی، کینیاڕواندا، کیرودی، تورکی، ئوردوو، مادینگۆ، مالینکە، سوو سوو، فوولا و کیسی.
- هێڵی یارمەتی دانی ئەنجومەنی یۆنانی بۆ پەنابەران ( GCR ) لێرەدا سەیری کاتەکانی کارکردن بکە: https://www.gcr.gr/media/k2/attachments/GCR HELPLINE ENGLISH.pdf

➢ بە ئامادە بوون. [4]

- خانەکانی میواندارێتی و ئۆردوگاکانی پێشوازی و ناسینەوە ( کیت ) کراوەن: کارمەندانی ( ئیۆدی ) ڕێکخراوەی تەندروستی گشتی نیشتمانی خزمتگوزاریتان پێشکەش دەکەن.

**٩) چۆن چارەسەری زانیارییە هەڵەکان و دەنگۆییەکان و قسەو قسەڵۆکەکان دەکرێت؟**

دەنگۆیی و ئەفسانەی زۆر هەیە لە دەوروبەری ڤاکسینی دژ بە کۆرۆنا کۆڤید-١٩، پێش ئەوەی کە زانیاریەکان سەبارەت بە ڤاکسینەکان لە ئەنتەرنێتدا هەڵسەنگێنن، پشکنینێك بکەن هەتا بزان کە ئەو زانیاریانە لە سەرچاوەی متمانەپێکراوەوە بڵاوکراونەتەوە و بەردەوام زانیاری متمانەپێکراو دەگوازنەوە، بۆ ئەوەی یارمەتیتان بدات و ڕاستی سەرچاوەکە بیدۆزنەوە. ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ( ڕ ت ج ) هەستاوە بە هەڵسەنگاندن و پێناسین و بروانامە پێدان بە هەندێك لە ماڵپەرە تەندروستییەکان لەسەر ئاستی جیهانی، کە زانیاریەکانیان تەنها پابەندە بە سەرچاوە زانیستیە پزیشکییە باوەڕپێکراوەکان و توێژینەوەی سەربەخۆی پسپۆڕانی تایبەتەوە. هەموو ئەو ماڵپەرانە ئەندامی تۆڕی ئاسایشی ڤاکسینەکانن. ( Vaccine Safety Net ).

---

[4] دەتوانن کە ڕاوێژ بە پزیشکەکەتان یان هەر پزیشکێکی تایبەتی تر کە ئامادە بێت و نزیک بێت لە شوێنی مانەوەکەتانەوە بکەن، بە مەبەستی ئەوەی ڕێنماییتان بکات.